ژیانی مامۆستا کامیل یەک ریگەی لێبردنمدا ماوە! … ریبوار عارف

بەهادین جاجی بەکری دارتاش ناسراو بە ریبوار عارف

مامۆستا کامیل (م _ ک) ئەو کەسایەتیە کە ئەمرۆ بە سیمبولی کارساتی کیمیابارانی هەڵەبجە دەناسیرێتەوە. ئاپورەی راپەرت و بەدواچوونکانی ئەم رۆژانە لەسەر بارودۆخی ئەم ئینسانە رەنگە قسەیەک بۆ کردن نەهێشتبێتەوە بە ناسینی حاڵەتەکەی ، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا ژیان و چارەنووسی ئەم ئینسانە روو لە کوێ دەکات؟ وەک دەبین هەموو ساتێکی هەناسەدان مامۆستا کامیل بریاردەرە بە مانەوەی لەژیانیدا. بەڵام ئەی ئۆگەر مەترسیەکان رۆژ بەرۆژ زیاتر بوو تا کەی دەکرێت ئیمە رۆژمێرو شوکرانە ژمێری ئەم دۆخە نەخوازراوە بین؟!
ئێستە رەشنە کەسەرئەنجام دکتۆرەکانی ئەلمان بەکەمالیک مەرجەوە بریای ئەوەیاندا کە نەشتەرگەرێکە بە بکەن… لەحاتلیکدا کە ئەم ئینسانە رۆژانە پێویستی بەکەسێکە بە هاوکاری کردن وپاراستنی لە هەمو ڤایرەسێک وهاوکات مەرجیکی تری فیربوونی زمانە … ئەوەی کە (م _ ک) تائێستە لە رەگەی تری کەمەلایتیەکانەوە لە رەگەی کەمەلی کەسایەتی نزیەک و بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و عێراقەوە ئەنجامیداوە هیچ ئومیدیک ناهیلیتەوە بە ئاورلیدانەوە. وەک خۆی دەلیت: ماوەی ۳۲ ساڵە من سالانە ۳۲ جار دەخنکەرم... تە بلی پاش ئەم دەریای وادەو بەلێنیانە هیشتا هیوایەک مابێت بە ئاورلیدانەوەی دەسەلات بە ریگرتن لەمەرگی ئەم سیمبولەی شاری هەڵەبجە؟؟؟
ئۆگەر تیپەربوونی 30 ساڵ و لەدەستدانی هەموو خوشک وبراو دایک و باوکی نغرەبوونی خیزان و منداڵکانی لە عەزاب و ناسەری دۆخی تەندروستی و دەرونی باوکیاندا کافی نەبووبێت بە وەدەنگ هاتنی دەسەلات و ئەنجامدانی کاریکی شایستە، ئیتر هیچ شتیکی تر کافی نیە. دەزانم سەرباری هەموو ئەم راستیانە هیشتا بەناچار زەربەی هەرە زەرمان سەرنجمان دەچێتەوە سەرئەوەی کە ئایا ئەم حکومەت و دەسەلاتە بە ئەوەندە خەساردو بێ باکە لەبەرامبەر بە هاوڵاتیانی خۆیدا… بەڵام لێتان ناشارمەوە من زەر دەمیکەیە لەو خۆشخەیالیە دەرباز

بووم و ئەم بڕیارەشنی بە مامۆستا کامیلیش راگەیاندوە کە ئەو رەنگە بەناچار تا ئیستەش هەر هیوایەکی بە دەرکەوتنی تروسکایەک مابیت لەلایەن ئەم دەسەلاتەوە، بەلام لە چاوەروان مانەوەی زیاتر لە سی سالی ئەم ئینسانە کافیە بە ئەوەی کە ئیتر دلخۆشنکەین بەم خەشخەیالیە، هیوادارم من هەلەبم و ئەم دەسەلاتە کاروباری پیویست بە (م _ ک) و خیزانکەی ئەنجام بداتو ریگری لە مەرگی ئەم ئنیسانە بگریت..بەلام کاتیک کە من ئومیدیکم بەو ئەگەرانە نیە ئیتر ناکرێ پال بدەین بەهەمان دیواری داروخای بی بەرهەمەوە بە دەرباز کردنی ئەم ئینسانە لە دیوزەی مەرگ، بۆیە پیموایە هیشتا تروسکەی هیوایەک بەدیدەکریت ئەگەر غەمخوارانی ئەم کێسەو هەر ئنیسانیکی ئازادیخوازو بێتەنگەوچووی قوربانیای شاری هەلەبجە بینەمیدان .
بە من بی ئومیدم بەکارو بریاریکی لیبروانەی حکومەتی هەریم ؟!
هەقیقەت ئەوەیە کە بارودخی ئەم کەمەلگای وایلیهاتووە کە هەموو جوانی و ئەخلاقیاتیک بە تووتیلی بەرژوەندیەکانیاندا دەگوزریت، مرۆڤ واهەستناکات کەئیتر شتیک مایەتەوە بە باسکردن، کاتیک کە پاش تیپەربوونی زیاتر لە 30سال بەسەر کارەساتی کیمیابارانی ئەم شارەدا تیپەردەبیت، هیشتا بەشیک لە خەلکی ئەم شارەو دەیان کامیلی تر رەنج دەبەن بە هەلکیشانی هەناسەیەکی ئاسای ئیتر ناکریت چاوەروانیەکی زیاتر لەوەی کە هەیە بکریت لەم حزب و دەسەلات و کاربەدەستانە… سەرنج بدەن رۆژگاریک گەنجانی ئەم شارە بوونە قارەمانی زیندان و هیلکەی لە رانی سورەوکراو بە بنبالیان دەشکاند، کەچی لەپاداشتی ئەو راوەستانەوە سەروەریدا ئەمرە بەدوای دواین هەناسەکانی (ئایاری مەلا حەسەن)ەوە جەشداماوین، ئەوانیش سوویند بە رۆحی ئەو شەهیدانەی دوینی دەخەن کە ئەمریان دروستکرد، بۆیە ئیتر ناکریت هیچ چاوەروانیەکی زیاترمان هەبیت.
کاتیک ''ژمارە یەکی'' سەیارەی پاریزگای هەلەبجە دەخریتە مەزاتخانەو پیشبرکیوەو کی چەند ملیونیکی زیاتریدا ئەوا خەلاتی ئەوی بکەن، چونکە گوایە بە پارەکەی رەنگە دوو پرۆژە بە ئەم شارە بکەنەوە ئیتر نابیت چاوەروانیەکی زیاتر بکریت… مەگەر وشیار بیاویلەی لەماوەی دەسەلاتداریەتی ئەواندا بەنرخی گیان لەدەستدانی چەندین ئەزیزی خەی و برینەوەی هەردوو قاچی بە ئەندازەی هەموو دەسەلاتکەی ئەوان و تەواوی ئەو پرۆژانەی کە لە کوردستاندا بە مین هەلگرتنەوە کاردەکەن گەلیک زیاتر مینی دەرنەهیننناوەو ئەمنیەت و ئاسایشی بە پانتایەکی گەورە لە خاکی کوردستان و دانیشتوانی خەلکی ئەم ناوچەیە نەگیراوەتەوە، کەواتە ئەگەر بەهاو قوربانیدان و ماندووبوونی ئینسانەکان پیوانە بیت بە دەبیت ئەو ژمارە وەک ئاوردانەوەیەکی رەحی و ریزلینانیک بە قوربانیەکی وەک ئەو نەبیت،

بەدبیت کە مامۆستا کامیل پاش زیاتر لە 30 سال هیشتا لەو دۆخدا
رەنج بەریت نەک هەر بەتەنیا بە هەلمژینی هەناسەیەک بەلکو بە لە
ئامیزگرتنی منداڵکانیشی ...
کەواتەدەکری دەستبەجی چی بکەین؟
شەرمە بە کەسیکی وەک من گەر بلیم مامۆستا کامیل بەداخەوە لەدواین
رۆژگارکانی خەیدا بەسەردەبات، کەچی چاوەروانی رووداندی
کارەساتەکەبین.. رەنگە ئەزموونی زیاتر لە چارەکە سەدەیەک
کارکردنم لەبواری مافی پەنابەری و یاساوریساکانی وەرگرتنی ئەو
مافەدا، ئەو هەقەم پێبدات کەشتیکی زیاتر بلیم لەمبارەوە... بەیە
بەگرنگم زانی لەم دەرفەتە بەرتەسکەدا رووڵە هەموو ئەو ئنیسانانە
بکەم کە بەکردەوە دەیانەوێت (م _ ک) لەمەترسی مەرگ رزگار بکەین
بەئەوەی لە ئاستیکی بالاتردا هەوڵیکی تر بگەڕبخەین کە پێموایە
بتوانیت ئاراستەی دۆخەکەو ئایندەی ژیان و چارەنووسی (م _ ک)
بگۆڕیت. بەئەوەی کە خراپ حاڵی بوونیک نەیەتە پێشەوە بەگرنگی
دەزانم کە هەوڵەکانی ئەم دواینەی ریکخراوی قوربانیانی
کیمیابارانی هەڵەبجە بەهەند وەرگرین، بڵام بەبڕوای من بە
وڵامدانەوە بەنیازەکانی (م _ ک) کافی نیە. ئەوان دەکریت و دەبێت
لەهەر هەوڵیکی خۆیان بەردەوامبن، بڵام تا چنینەوەی بەرهەمی
کارەکانی ئەوان دەترسم هەموو شتیک لە دەست بدەین. ئاخر ئەوان
بەناچار هەر خەریکن فشار بە دەسەڵات بهێنن، بڵام لە راستیدا
سەرباری ئەوەی کە پاش نزیک بە چارەکە سەدەیەک چاوەروانیمان لەم
حزب و حکومەت و دەسەڵاتە، ئێستە دەکریت ئاراستەی کارەکانمان
بگۆڕین وجاریکتر رووڵەم وڵاتە بکەین کە مامۆستا کامیل داوای
چارەسەرکردنی تیداکردوە.
بەدڵنیای زۆریکمان دەزانین کە بەدەستهێنانی مافی پەنابەری ریگەو
ڕەوشتی خۆی هەیە سالانە لەو ئەڵمانەی کە(م _ ک) لێە دەیان و
سەدان هەزار ئینسان مافی پەنابەری بەدەست دینن ، بڵام لە ریگەی
هەندی یاساوریساو لە ریگەی گوشاری هەندی حزب وریکخراو کەسایەتی
ئینساندۆستەوە لە ریگەی جولانی شەقام و راوەستانەوە دەنگ
هەڵبرینەوەو دواجار لە ریگەی ئەو پرۆتکول و ریکەوتنامانەی کە
ئەم حکومەتانە خۆیان واژۆیان کردوە. کە من لێرەدا سەرنجتان بە
چەند خاڵیک رادەیشم .
یەکەم لە ئیستەدا کە (م _ ک) ئیقامەیەکی مەرجداری بەدەستهێناوە
مافی ئەوەی هەیە کە یاسای یەکگرتنەوەی خێزان'' جمع شمل''
خوازیاری هێنانی خێزانەکەی بێت. ئەمە جگە لەوەی کە بەپێی
پرۆتکولە نیونەتەوەیەکان حاڵەتی بەدەستهێنانی مافی پەنابەری
بەهەی حاڵەتی ئینساندۆستانەوە '' هومانیتارینن''وە بەدەست

بهیریت، کە دەتوانیت حالەکەی (م _ ک) لەهەمان چوارچیوەدا بگونجیریت .
هەر لیرەدا زۆر گرنگە ئاوە بلین کە دیارە دەست بەکاربوون بە ئەم مەسەلە بەتەنیا ناتوانیت لە زەمنیکی گونجاودا ئەنجامگیری لبکریت. بۆیە دەبیت چەند کاریکی تر بکریت. کە ئاویش جاریکیتر بۆپی یاساوریساکانی ئەم ولاتانە هەر بابەت ومەسەلەیەک و هەر دواکاریەکی خەلک ئەگەر بتوانریت 50 هەزار واژەی بە کەبکریتەوە ئاوا لە رووی یاساییەوە چاو بەو برایاردە جەخشننەوەو بریاریکی تر دەدەن .
بە تایبەت ئەگەربیتوو ئەم کارە لەچوارچیوەی کەمپەینیکدا ئەنجام بدریت، کە ئیمە وەک فیدارسیونی سەراسەری پەنابەرانی عیراق ئامادەی دەست بەکاربوونین و دەتوانین بەخیرایەکی زۆر زیاتر کارەکانی بۆریوە بۆرین و راستاوخۆی رووبکەینە حکومەتی ئەلمان لە ریگەی ریکخراو نیودەولەتیەکانی وەک دکتۆر بی سنورەکان، خاجی سوور، یوئین، ریکخراو ئنساندەستەکانەوە ئەم کارە ئەنجامیکی سەرکەوتوانە بگەینین. لەبیرمان نەچیت لەجەرگەی ئەم دەست بەکاربوونەدا زۆرگرنگە سەرنجی میدیاکانی ئەلمان راکیشین بە پشگیری کردن لەم کەیسە.
دواجار ئاوەش بلیم کە ئیمە چەند جاریک لەگەل (م _ ک) لەوبارەوە قسەوباسمان کردوەو بۆلام ئاو بۆهەی هەندیک سەرنجی تایبەتی خۆیاوە خوازیاری دەست راگرتن و دواخستنی ئەم جۆرە چالاکیبووە، من لە سونگەی بەرپرسیاریەتیەوە نەمویست ئەم باسانە تەنیا لە نیوان من و مامۆستا کامیلدا بمینیتەوە بۆیە هیوادارم کە پیشوازی ئازادیخوازان لەم پیشنیارە بتوانیت بە زووی بمانگەیەنیت بە خالی دەست بەکاربوون بۆهیوای نزیککردنەوەی مامۆستا کامیل لە ژیانیکی ئینسانی وبەدەستهینانی مافی پەنابەری بەبی هیچ مەرجدانان و ئاستەنگیەک لە رووی چارەسەرکردنی نەخشەیەکیداو ئەم دەروازە ئاو ئومیدەیە کە ژیانی مامۆستا کامیل دەگەرینیتەوە بە باوەشی هیوایەک، هیوادارم لە ئاست ئاو بەرپرسیاریەتیدبین بە بەتەنگەوەچوونی ژیانی ئەم ئنیسانە!